# 8 مارت رۆژیی جیهانیی ژنان

بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە و بەناوی رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (کواک) و تۆڕی داخوازینامەی ژنی کوردەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە ژنانی کورد و سەرجەم ژنانی جیهان دەکەین هاوتا لەگەڵ پیرۆزباییمان لە پیاوانی پێشکەوتووخواز و هاوڕێی خەباتمان بۆ ئازادی و یەکسانی و دادوەری.

لە 8 ی مارتدا و لە سەرانسەری جیهاندا ژنان بە چالاکیی جۆراوجۆرەوە یادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکەنەوە کە نەک تەنها سیمبۆلی بەرگریی ژنان و مرۆڤی ئازادیخوازە لە دژی سیستەمی چەوساندنەوە و پاتریارکی، بەڵکو هاندەر و هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەردەوامیدان بە خەبات و کارکردنی زیاتر لە پێناوی دابینکردنی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و مرۆڤانە و بەدەستهێنانی مافە مرۆڤایەتیەکانی ژن. دیارە بە درێژایی سەدەی رابردوو و بە هەوڵ و کۆششی بێووچان، ژنان لە زۆر بەشی جیهاندا کۆمەڵێ مافیان بەدەستهێناوە، بەڵام چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافی ژنان لە سەرانسەری جیهان و بە شێوازی جیاجیا هەر بەردەوامە. تەنانەت سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوە توندڕەوە ئایینیەکانی وەکو ئیسلامیزم کە ژن دەخەنە ناوەندی ئایدیۆلۆژیای خۆیانەوە، برەوی زیاتریان داوە بە سیستەمی پاتریارکی و چەوساندنەوەی ژنان. بۆیە ئیمرۆ لە زۆر بەشی جیهاندا ژنان بەرەورووی مەترسی زۆر دەبنەوە و رۆژانە مافەکانیان پێشێل دەکرێت. ئەم گروپ و بزووتنەوانە نەک تەنها رۆژانە ژن دەچەوسێننەوە و ژیانی ژن دەخەنە مەترسیەوە، بەڵکو دەیانەوێ ئەو کەمە دەستکەوتەی لە رابردووش بەدەستهاتووە هەڵبوەشێننەوە. بڕیاری 137 ی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقی ئەو راستیە دەسەلمێنێ.

ئێمە وەکو رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی و تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد بە پێویستی دەزانین کە لەم رۆژە گرنگەدا هاودەنگی و پشتگیری خۆمان دووبارە بکەینەوە بۆ ژنانی عێراق بە گشتی و ژنانی کوردستانی باشور بە تایبەتی کە لە هەل و مەرجێکی زۆر هەستیار و تایبەتدا دەژین؛ پێویستە سوور بین لەسەر رەتکردنەوەی گشت بڕیار و کۆد و یاسایەک کە ژن بچوک دەکاتەوە و ئازادی و مافە مرۆڤایەتیەکانی پێشێل دەکات. پێویستە بوار نەدەین رابردوو خۆی دووبارە بکاتەوە و بە مێتود و شێوازی هەمەجۆریش کار بکەین بۆ دابینکردنی دوارۆژێکی مرۆڤانە و ئازاد بۆ ژنان.

بەم بۆنە پیرۆزەوە، رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (کواک) پێشانگایەکی تایبەت بە ژنانی کورد بەناوی «ژیانی ژن، روانینی هونەرمەند» لە هۆڵی کاونسڵی شاری لیل لە فەرەنسا پێشکەش دەکات هاوتا لەگەڵ ووتووێژ و سیمینارێک. پێشانگاکە لە لایەن سەرۆکی کاونسڵی لیل، خاتوو مارتین ئۆبری یەوە دەکرێتەوە و خاتوو ئێدیت هێنری و نەزەند بەگیخانی لە سیمینارەکە بەشداری دەکەن.

پێشانگای «ژیانی ژن، روانینی هونەرمەند» پرۆژەیەکی هونەریی ژنانی کوردە کە بە هەوڵ و کۆششی سێ رێکخراو هاتۆتە بەرهەم: رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (کواک) و سێنتەری راگەیاندن و رۆشنبیریی ژنان لە سلێمان و رێکخراوی فەرەنسی باڵندەباران. لە ناوەندی پێشانگاکەدا بە وێنە و دوو تابلۆی تایبەت یادی هێشوو یونس دەکەینەوە کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2002 دا و لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لە لایەن باوکیەوە کوژرا. تابلۆکان لە لایەن هونەرمەند رێبوار سەعید ەوە کێشراون.

دووبارە رۆژیی جیهانیی ژنان لە هەموومان پیرۆز بێت

**رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (کواک: KWAHK) و تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد**